لاواز و عەمبارکردنی نەوت لە ئەمەریکا لە پشت بەرزی نرخی نەوتەوە

ژمارەیەکی زۆر لە نوسینی بیروڕا – کە زۆربەیان بێ بنەمابوون- لەبارەی ئەوەی کە چی بۆتە هۆی ئەوەی نرخی نەوت بچێت بە ئاسمانا. هەروەها ئەوان بە خێرایی ئەو دەعبایەیان مەحکوم کرد کە هەمیشە لۆمەی دەکەن: ئەو کەسانەی کە کالا و پشک دەکڕن تا دواتر بە نرخی گران بیانفرۆشنەوە. شتێکی سەرسوڕهێن نیە کە وەزیرانی دارایی گروپی هەشت وڵاتە پیشەسازییەکە لە دوا کۆبونەوەی دوو رۆژیاندا لە ئۆساکا، یابان، تەرکیزیان لەسەر نرخی نەوت بوو.

ئایا چی وا لە نرخ دەکات بچێت بە ئاسماندا؟ شتێکی سەرسوڕهێن بوو کە وەزیرانی دارایی هەشت وڵاتە پیشەسازیەکە باسی رۆڵی دۆلاری ئەمەریکیان نەکرد. هەر بازرگانێکی کالا دەزانێت کە نرخی ئاڵوگۆری هەموو کالاکان بە گۆڕانی نرخی دۆلاری ئەمەریکی دەگۆڕێت. کاتێک کە بەهای دۆلار دادەبەزێت، نرخی رەمزی بە دۆلاری ئەو کالایانەی کە لە بازاڕی نێودەوڵەتیدا ئاڵوگۆڕیان پێوەدەکرێت وەک ئاڵتون، برنج ،و نەوت دەبێت بەرزببنەوە لەبەرئەوەی دۆلای زیاتر پێویستە بۆ کڕینی هەمان بڕ لە هەر کالایەک. بەم پێیەش، دۆلاری لاواز دەبێت ئاماژە بێت بۆ بەرزی نرخی کالاکان. هەر واشە. بۆ نمونە، ئەگەر دۆلاری ئەمەریکی بەهای کانونی دووەمی ٢٠٠١ لە بەرامبەر یۆرۆدا بپاراستایە، ئەوا نەوت بە نزیکەی ٧٦ دۆلار بۆ بەرمیلێک ئاڵوگۆڕی پێ دەکرا لە ئایاری ٢٠٠٨ دا. ئەمە نزیکەی ٥٠دۆلار کەمترە لەو نرخەی کە نەوتی خاو لە ئایاری ٢٠٠٨ دا ئاڵوگۆڕی پێکرا. بەم پێیەش، دابەزینی بەهای دۆلار بەرپرسە لەو لە ٥١% ئەو ٩٧$ زیادکردنە لە نرخی نەوت بۆ هەر بەرمیلێک لەنێوان ئایاری ٢٠٠٣- ٢٠٠٨ دا.

لەمەش زیاتر، چالاکی ئابوری جیهانی و داواکاری لەسەر نەوتی خاو لە ٢٠٠٣ ەوە بەهێز بووە. ئەمەش هاوکات بووە بە رێژەیەکی لاوازی گەشەکردنی خستەڕوو لە بازاڕی نەوتدا. لە ئەنجامیشدا، توانای زیادە دابەزیوە. ئەم 'پەراوێزی سەلامەتی'یە (بریتیە لە جیاوازی نرخی ناوەکی رەسید و نرخی بازاڕی هەمان رەسید) بچوکانە و ئەو راستییەی کە بەشێکی زۆری نەوت لەو بەشەی جیهاندا بەرهەمدێت کە لەروی سیاسیەوە ناجێگیرە، ئەمەش دەبێتە هۆی 'لانیکەمی سەرکەشی' (جیاوازی نێوان سەرکەشی پێشبینیکراو و سەرکەشی پێشبینی نەکراوی وەبەرهێنانێک) گەورەتر کە بەشداری دەکات لە نرخێکی بەرزتری نەوتدا.

بۆ ئەوەی کە باشتر لە داینامیکی کارکردنی بازاڕی نەوت تێبگەین، تەماشای بازاڕی 'نەوتی خاوی **شیرین***' بکە کە لە بۆرسەی کالاکانی نیویۆرک لە شاری نیۆرک (نیۆرک مێرکەنتەڵ ئێکسچەینج) ئاڵوگۆڕی پێوەدەکرێت. ئەم هێڵکارییەی خوارەوە نرخی گرێبەستەکانی داهاتوو پیشان دەدات. ئەمانە رێکەوتنامەن لە نێوان کڕیاران و فرۆشیاراندا بۆ ئاڵوگۆڕکردنی نەوت لە کاتێکی دواتردا (تەموزی ٢٠٠٨— کانونی یەکەمی ٢٠١٠) بە نرخێک کە "ئیستا" جێگیرکراوە (لە ٥، ٦، یان ١٣ ی حوزەیراندا). ئەوە ئاشکرایە کە بەشدارانی بازاڕ وا پێشبینی دەکەن کە نرخی نەوت بە بەرزی بمێنێتەوە.

گرێبەستی داهاتووی نەوتی خاوی سوکی شیرین

لەمەش زیاتر، هێڵکاریەکە بازی تۆمارنەکراوی نرخی نەوتی خاو پیشان دەدات لە نێوان ٥ ی حوزەیران بۆ ٦ ی حوزەیراندا و هەروەها نرخەکان پاش هەفتەیەک لەو بازە. ئەم سێ هێڵە چەماوەیە ئەو زانیارییانەیان تێدایە کە



دەتوانرێت بەکاربهێندرێن بۆ لێکدانەوەی چەمکی بونیادی رێژەی سودی نەوت (رێگەیەکی باوە بۆ دۆزینەوەی بەهای بۆند). رێژەی سودی ئەم کالایانە (یاخود هی "خۆیان") لە خشتەکەدا پیشاندراوە. ئەمانە پێشبینی گرنگ لەبارەی چۆنێتی کارکردنی بازاڕی نەوتەوە پیشاندەدەن.

پێش لێکدانەوەی رێژەی سودی کالایەک، دەبێت لەوە تێبگەین کە بازاڕەکانی داهاتوو وەک بازاڕی قەرز کاردەکەن بۆ کالاکان. بەم جۆرە، بەشێوەیەک کاردەکەن کە لە بازاڕەکانی دراو دەچێت. کاتێک کە کالاخەزێنێک کالایەک دەکڕێت و لە هەمان کاتدا گرێبەستێکی داهاتوو دەفرۆشێت، ئەوا ئەو بەشێوەیەکی کاتی کالایەک قەرز دەکات. ئەم پرۆسەیە وەک قەرزکردنی پارە وایە لە بانکێک لەگەڵ بەڵێنی ئەوەی کە لە داهاتودا قەرزەکە بدرێتەوە. فرۆشتنی گرێبەستێکی داهاتوو، هاوکات لەگەڵ کڕینی کالایەکدا لە بازاڕی کڕین و فرۆشتندا (واتە کاش)، رێگە بە کالاخەزێنێک دەدات کە ئێستا کالایەک قەرزبکات و پاشان بیداتەوە. بۆیە، ئەم پرۆسەی لەیەککاتدا کڕین و فرۆشتنانە وەک قەرزی شاراوەی کالاکان کاردەکەن.

نەوتی خاوی ناوەندی تەکساسی خۆرئاوا

ئەگەر نرخی کالایەک بۆ ناردنی لە داهاتوودا لە نرخە بەپەلەکەی یاخود (کاش)ەکەی زیاتر بوو، ئەوا بازاڕ لە بەرزبونەوەدایە (کۆنتانگۆ) و رێژەی سودی کالاکە نێگەتیڤە. قەرزدەری کالایەک هیچ پاڵنەرێک (حافیز) نابینێتەوە بۆ ئەوەی کە قەرز بدات بە بازاڕی کاش لەبەرئەوەی کە ئەوکاتە ئەو بە گران دەفرۆشێت و بە هەرزان دەکڕێت. پێچەوانەی ئەمەش ئەو کاتە رودەدات کە نرخی کاش لە نرخی داهاتوو زیاتر دەبێت و بازاڕ لە نزمبونەوەدایە (باکۆردەیشن). رێژەی سودی کالا پۆزەتیڤە. لەم بارەدا، ئەوانە قازانج دەکەن کە کالاکان عەمباردەکەن بۆ ئەوەی کە بە قەرز بیدەن بە بازاڕی کاش.

کاتێک کە نرخی نەوت بازێکی تۆمارنەکراوی لە ٦ ی حوزەیراندا دا، چەندین پێشنیاز و لێکدانەوە لەبارەی هۆکارەکانی ئەو بازدانە خرانەروو. ئەو لێکدانەوەیەی کە دەرکەوت لە هەموان زیاتر ئەگەری راستی تیادایە ئەو هەڕەشەیە بوو کە جێگری سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل شاول مۆفاز کردی. مۆفاز وتی کە لێدانی ئێران لەلایەن ئیسرائیلەوە "بواری خۆ لێلادانی نیە" ئەگەر تاران بەردەوام بێت لە بەرەوپێشبردنی پرۆگرامە ئەتۆمیەکەیدا، بەمەش هێڵی گرێبەستەکانی داهاتوو بەرەو سەرەوە هەڵکشان و شێوەکەی گۆڕا. لەگەڵ گۆڕانی شێوەدا، رێژەی سودی کالا لەنێگەتیڤەوە گۆڕا بۆ پۆزەتیڤ لە ٢٠٠٨ دا.

بە مانایەکی تر، بەقەرزدانی نەوت بۆ بازاڕی کاش بوو بە کارێکی قازانج بەخش. ئەمەش لەبەرئەوە رویدا کە داواکاری ورایییانەی نەوت زیادیکرد لەبەرئەوەی بەکارهێنەرانی نەوت بایەخیان بە ئەگەری هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران داو توانای ئاستەکانی شتومەکی لادراوی (کۆکراوەی) خۆیان. پاش ئەوەی کە بەرپرسانی بەرگری ئیسرائیل راگەیاندنەکەی بەرێز مۆفازیان رەتکردەوە، ئەم دودڵیانە رەوینەوە و رێژەی قازانجی کالا لە ساڵی ٢٠٠٨ دا بووەوە بە نێگەتیڤ، ئەمەش مانای ئەوەیە کە داواکاری ورایییانە بێقشارە و توانای ئاستەکانی شتومەکی لادراو زیاترە.

شای عەمبارکردنە شارەوەکان

باسی شتومەکی لادراومان کرد، با چاوێک بخشێنین بە گەورەترینیان لە جیهاندا کە پاشەکەوتی ستراتیجی پەترۆڵی حکومەتی ئەمەریکا (ستراتیجیک پێترۆلیەم ریسێرڤ). س.پ.ر وەڵامی ئەو ئابلوقەی نەوتەیە کە لەلایەن رێکخراوی وڵاتانی عەرەبی نێردەرە دەرەوەی نەوت (ئواپێک) لە پاش شەڕی عەرەب-ئیسرائیل ساڵی١٩٧٣ سەپێندرا. لە پێنج گەنجینەی ژێرزەوی پێکدێت کە لە گردی خوێین لێدراون لە تەکساس و لویزایانا. لە ساڵی ٢٠٠٥ دا توانای س.پ.ر گەیشتە ئاستی ئێستای کە ٧٢٧ میلۆن بەرمیلە. لە ئێستادا ٧٠٢.٧ ملیۆن بەرمیل لە س.پ.ر دا عەمبارکراوە. ئەمەش لە دوو ئەوەندە قەبارەی نەوتی خاوی لادراوی تایبەت زیاترە. بۆئەوەی کە قەبارەی س.پ.ر بخەینە ناو سیاقەوە، بڕێ عەمبارکراوی ئێستا بەشی ٧١ رۆژی هەناردەکردنی نەوتی خاوی ئەمەریکی دەکات یاخود ٤٧ رۆژی بەکاربردنی نەوتی خاوی هەموو ئەمەریکا. توانای کەمبووەوەی س.پ.ر بریتیە لە ٤.٣ ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا. ئەم رێژەیە تۆزێک لە توانای ناردنە دەرەوەی نەوتی خاو لە کوەیت و ئێران پێکەوە، زیاترە. بە کورتی، س.پ.ر زۆر قەبەیە.

بەرپرسانی حکومەت، بەبێ ئەوەی روبەڕوی پارەی تێچونی گواستنەوە ببنەوە و بەبێ ئەوەی کە هەرگیز بیانەوێت کورت بهێنن، وەک گەلە جرجی لەخۆرازی، دەیانەوێت کە لەسەر ئەم شای عەمبارکردنە شارەوەیەی کالاکان دابنیشن. ئەوان دەڵێن کە س.پ.ر بریتیە لە سیاسەتیکارێکی زەمانەتبەخش بۆ دۆخی کتوپڕی نیشتمانی. بەڵام بەبێ هەبوونی رێسایەک بۆ بەکارهێنانی، ئایا سیاسەتیکاری زەمانەت بۆچی نوسراوە؟

لەجیاتی عەمبارکردنی س.پ.ر، حکومەت دەبێت رێکەوتنامەی ئیختیاری (کۆڵ ئۆپشن)ی س.پ.ر بە پارە (بە نرخێکی دیاریکراو 'نرخی لێدان' کە نرخێکی جێگیرە کە خاوەن گرێبەستی ئیختیاری دەتوانێت کالایەکی پێبکڕێت) کە لە نرخی کاشی ئێستا زیاتر بێت بفرۆشێت. ئەمەش رێگە بە کڕیاران دەدات کە بە 'نرخی لێدان' نەوت بکڕن هەتا گرێبەستە ئیختیارییەکەیان کۆتایی دێت. ئەمەش ئەوەی کە لە ئێستادا مردوە دەگۆڕێت بۆ شتێکی زیندوو. وڵاتەکە پڕدەکات لە برێکی قەبە لە نەوتی لادراو، و دەبێتە سەرچاوەیەکی داهات کە دەکرێت هەندێک بڕی تێچونی کۆبوەوەی حکومەتی پێبدرێتەوە، هەڵبەزودابەزی نرخی نەوتی خاو کەمدەکاتەوە و نرخی کاش بە بەراورد لەگەڵ نرخی نەوت کە لە داهاتوودا دابیندەکرێت دادەبەزێنێت. لە ئەنجامیشدا، رێژەی سودی کالا زۆر نێگەتیڤ دەبێت کاتێک کە شتومەکی لادراو زۆردەبێت. دۆلارێکی بەهێز و رێسای دەرچووی بەرمەبنای بازاڕ بۆ س.پ.ر دەبێتە مایەی دەربازبوون لە نرخی هێجگار بەرزی نەوتی خاودا.

رێژەی قازانجی کالا (بە ساڵانەکراو)	کامڵبوونی ئایندە	نرخی ئێستاکێ
-0.232%	کانونی یەکەم 2008	6/5/2008
0.798%	کانونی یەکەم 2008	6/6/2008
-1.616%	کانونی یەکەم 2008	6/13/2008

تێبینی: رێژەی قازانجی کالا (بە ساڵانەکراو) = ((نرخی ئێستاکێ- نرخی ئایندە)/نرخی ئێستاکێ)X365/ژۆژ لە نێوان کامڵبوونی ئێستاکێ و ئایندەدا.)

نووسینی: ستیڤ ئێچ هانکە

.....

*ستیڤ ئێچ هانکە پرۆفیسۆری ئابوری لە زانکۆی جۆنس هۆپکینز لە بۆڵتیمۆری ویلایەتی مێریلاند و هاوەڵی باڵا لە پەیمانگای کەیتۆ لە واشنتن دی سی.

هەڵئاوسان-گونجاوی: بریتیە لەو بڕەی کە گونجێندراوە بۆ قەرەبووکردنەوەی هەڵئاوسانی راستەقینە یاخود هەڵئاوسانی چاوەڕوانکراو.

*نەوتی خاو بەسەر دوو جۆردا دابەشکراوە، شیرین و ترش. نەوتی خاوی شیرین رێژەیەکی کەمی سەلفات و دوانە ئۆکسیدی کاربۆنی تێدایە کە وای لێدەکات تامێکی شیرینی هەبێت و ئەم ناوەشی لە سەدەی ١٩ هەمەوە لێنەراوە لەبەر ئەوە ئەو کات بۆ جیاکردنەوەی جۆرەکانی نەوتی خاو، بازرگانەکان تامیان دەکرد. نەوتی خاوی شیرینیش دەکرێت بە دوو بەشەوە کە "سووک" و "قورس"ن، نەوتی خاوی سوکی شیرین گرانترین جۆری نەوتی خاوە چونکە هەموو بەشەکانی بەنزین و نەوت و باشترین گازی لێبەرهەم دێت.

سەرچاوە: ۆڵ ستریت جۆرنالۆ، بلوومبێرگ، بەڕێوەبەرایەتی زانیاری وزەی ئەمەریکی و ئەمێریاریەکانی نوسەر.

لەنێوان ئاوازی خۆماڵی و بیانیدا

ئێستا بە لێشاو ئاوازی بیانی دەدزرێن و تێکستی کوردیان بۆ دادەڕێژن و وەکو بەرهەم بە کوردستانیان دەیناسێنن، ئەمە دوور لە هەر خوێندنەوەو پیوەرێکە، زیان بەناوبانگی هونەری گۆرانی رەسەنی کوردی دەگەیەنێ و راستگۆیی هونەری کوردی لە خەوشدار دەکات.

وەرگرتنی ئاوازی بیانی ئەگەر ئاماژەی پێبدرێ و لەگەڵ مۆرکی کوردەواری بگونجێندرێ، لەوانەیە تەکانێک بە هونەری گۆرانی بدات و بەرەو پێشەوەی ببات، بەڵام ئەگەر وەکو ئێستا ئاوازی گۆرانیەکان بدزرێن و لەسەر ناوەڕۆکی تێکستەکانی ئەوانیشدا، تێکستی بۆ دابڕێژرێ و وەکو داهێنانیش پێشکەش بە خەڵک بکرێ، نەک هەر ناپاکی لە چاوگەی گۆرانیە رەسەنەکە دەکرێ، بەڵکو کاریگەری خراپیش لەسەر هونەری گۆرانی کوردی دادەنێ.

لەم رۆژانەدا کە بەرهەمی هونەرمەندێک بەڵاو دەبێتەوە، لەپێشەکیدا دەپرسرێ: 'کێ ئاوازی گۆرانیەکانی بۆ داناوە؟؟!' ئەمەش واتای ئەوەیە کە ئاوازەکان متمانە بە خەڵک نادەن، راستگۆیی خۆیان لەدەست داوە، بەتایبەتیش کە هەمان ئاواز بە چەند تێکست و بە دەنگی چەندین هونەرمەند تۆمار دەکرێن و دەفرۆشرێن.

ئەگەر جاران سوود لە ئاوازی فارسی و تورکی و عەرەبی وەردەگیرا، ئەوا ئێستا لە سایەی جیهانگیری و ئینتەرنێتدا زۆر بە ئاسانی دەست بۆ ئاوازی بیانی دیکە دەبردرێ و دەدزرێ. لەم ماوەیەدا ئاوازی ئەلبانی و سربی و یۆنانی و رووسیش هێنراونەتە ناو گۆرانی کوردی و ئاماژەشیان پێتەدراوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەنگاوەکانی بەرەوپێشەوەچونی هونەری کوردی رادەگرێ و ئاسۆی داهاتووی لێ تاریک دەکات.

زۆر جاران رۆشنبیران باس لە پیویستبوونی لیژنەی هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکان دەکەن و دەخوازن کە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان راستەوخۆ ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرێ، بەڵام ئەمە جگە لە دەردە دڵ و پێشنیار ئامانجێکی دیکە نیەو رەوتی ئاسایی خۆی وەرنەگرتووە.

ئایا بەرپرسانی حکومەتی هەرێم تەنیا بیر لە سیاسەت و ئابووری دەکەنەوەو بایەخ بە ئەدەب و هونەر نادەن؟ ئایا سیاسەت و ئابووری داهاتووی نەتەوەکەمان رەنگرێژ دەکەن یان ئەدەب و رۆشنبیری و هونەر؟

ئەمانەو دەیان پرسیاری دیکە سەبارەت بە ئاوازو گۆرانی کوردی لێرەو لەوێ قوت بوونەتەوەو خۆیان لە گوێچکەی خەڵک دەپەستن، بەڵام دیسانیشەوە وەڵامێکی باوەڕهێن نادرێتەوە. ئایا ژەنیارو ئاوازدانەرانی کورد شیانی ئەوەیان نیە کە ئاوازی خۆماڵی بۆ گۆرانیبژان دابنێن؟ ئایا پسپۆڕانی گۆرانی و ئاوازدانەران پەی بەو دزیە ئاشکرایە نابەن کە هەندێ گۆرانیبێژ بە رۆژی رووناک دەیکەن؟ ئایا لەنێوا ئاوازی خۆماڵی و ئاوازی بیانیدا دیوارێکی ئەستورو بڵند هەیە یان دیوارێکی نزم و باریک؟

بێگومان ئەگەر نەتەوەکان چەند لەیەکتر نزیکش بن، هێشتا جیاوازی و دیوار لەنێوان ئاوازی نەتەوەکاندا هەیە، بۆیە دەبێ بە جدی وەربگیرێ و سەرپێیانە بیریان لێنەکەینەوە.

شاڵاو سەرباز

رۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات

خاوەنی ئیمتیاز: رێکار ئەحمەد

سەرنووسەر: حوسێن حەسەن

ژمارە تەلەفۆنی خاوەنی ئیمتیاز: ٠٧٥٠١١٩١٤٩٧

ژمارە تەلەفۆنی سەرنووسەر: ٠٧٥٠٤٤٧١٦٣١

ئۆفیسی سلێمانی
گەڕەکی رزگاری، نزیک مزگەوتی حەزرەتی ئیبراهیم، بەرانبەر زانکۆی ئەمریکا، ژمارەی تەلەفۆن ٠٥٣٢١٠٩٢٥٦

ئۆفیسی هەولێر
شەقامی ئاراس پشت مزگەوتی ئەوقاف ژمارەی خانوو١٢ ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٥٠١١٧٩٨٤٦

ئۆفیسی کەرکوک
حەسیرەکە، بەرانبەر نەخۆشخانەی رزگاری، ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٧٠١٣٢٥٠٨٠

ئۆفیسی رانیە
شەقامی نالی، بەرانبەر گەراجی نەورۆز کتێبخانەی رۆژی گەل ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٥٠١١٦٣٨٠٥

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com